سەید حەکیم: بەردەوامی پەیوەندی نێوان ڕۆڵەکانی یەك نیشتمان یەکپارچەیی عێراق پتەوتر دەکات

لەمیوانخانەی هۆزی دۆسکی، میوانخانەی شێخ لەزگین ئاغا دۆسکی بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرەکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هۆزەکە کەوت و لەم دیدارە ستایشی قوربانییەکانی عێراقییەکانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریەت و تیرۆر و داواشی کرد یەکڕیزی و یەکگری نەوخۆیی هەبێت بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان و گەڕانەوە بۆ دەستوور و بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەل.

سەید حەکیم باسی پەیوەندی خانەوادەی ئیمامی حەکیمی (نهێنی پارێزراو بێت) بەگەلی کوردستان کرد و خۆشەویستی خۆی بۆ گەلی کوردستان دەربڕی و ڕوونییکردەوە کە عێراق توانای هەیە ئەو ڕکابەریان تێپەڕ بکات هەر وەك چۆن پێشتر چەندین ڕکابەری دیکەی تیپەڕ کردوە، هەروەها هیوای ئەمن و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی دهۆك و هەولێر خواست و هیوای دەربڕی کە لە باشترین دۆخ دابن.